تەمەتبارێک دەستگیرکرا کە زیاتر لە ١٥٠ ملیۆن دینار و هەندێک ئاتۆنی لە ماڵێکدا دزی بوو

پۆلیسی سلێمانی دەڵێت، مەفرەزەکانی نوسینگەی ناوبازاڕی بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتییان تەمەتبارێکیان دەستگیرکرد کە زیاتر لە ١٥٠ ملیۆن دینار و هەندێک ئاتۆنی لە ماڵێکدا دزی بوو.

ئەمە دووشەممە ١٦ـی حوزەیرانی ٢٠٢٥، دوای ئەوەی هاوڵاتییەك لەنوسینگەی ناوبازاڕی بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان سکاڵای تۆمارکرد کە زیاتر لە ١٥٠ ملیۆن دینار و هەندێک ئاتۆنی لە ماڵێکیدا لەیەکێک لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی لە دزراوە تەمەتبارێکیان دەستگیرکرد.

ئاماژەی بەوەشکرد، بەیاری دادوەری تایبەتمەند بە دەستگیرکردنی تەمەتبار وەرگیراو مەفرەزەکانی نوسینگەی ناوبازاڕی بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتییان لەکێنەوە و بەدواداچوونەکانیان دەستپێکردوو توانرا تەمەتبار بدەزرەتەوە و دەستگیربکرێت.

هاوکات، دەستگیرا بەسەر ئاتۆنە دزراوەکان و تەواوی پارەکە کە بڕەکەی زیاتر بووە لە ١٥٠ ملیۆن دینار.

وتیشی، تەمەتبار بەبەیاری دادوەر و بەپێی ماددەی ٤٤٦ لە یاسای سزادانی عەراقی راگیراوە و لەکەینەوە لە کەیسەکە بەردەوامە.